کوردستان نێت
KURDISTAN NET

# له سێدارەدانی سەددام ، شەرمەزارییەکی تری سەرانی کورد

هێمن ڕەئووف
www.hemnrauf.kurdblogger.com



له سێدارەدانی سەدام لەم کاتەداو بەم تۆمەتە،، لەناوبردنی دڕندەیەک بوو  کە لەبەرگی مرۆڤدا ماوەی چارەکەسەدەیەک حوکمی بەسەر وڵاتێکدا دەکرد. لەهەمانکاتدا سوتانی هەقی میللەتێکیش بوو کە بەدرێژایی تەمەنی ستەمو زوڵمی لێدەکرێت . کە ئەویش میللەتی کوردە .

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەرەس هێنانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانییەکان ، نەبوونی کیانێکی کوردی بەهێز وایکرد کە نەتەوەی  کورد بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشبکرێت . لەدوای ئەوەیش بە هۆی پەیدابوونی سەرکردەی گێل و نەزان و بێتوانا له بوارەکانی ڕامیاری و بەڕێوەبردندا وایکرد هەموو شۆڕش و بەرخودانەکان و خوێنی شەهیدان لە کۆتایی فیلمەکەدا بەهەدەر بچێت و پوچەڵ ببێتەوە ، وەک بینیمان  له شۆڕشی ئەیلولدا و دواتر  ئاشبەتاڵەکەی ساڵی ١٩٧٥ هەموو  هیواکان لە گۆڕ نران و هیچ ڕێزێکیش لە خوێنی شەهیدان و بەرخودانی پێشمەرگە نەگیرا.
پاشان مانەوەی ڤایرۆسە کوشندەکەی ناو شۆڕشە پوچەکانی پێشوو ، کۆمەڵێ کارەسات و ماڵوێرانیی بۆ نەتەوەی کورد گواستەوە .. وەک " درێژەدان بە شەڕی ناوخۆ و جاشایەتی بۆ داگیرکەران و نۆکەریکردن بۆ بێگانە و دواجار کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران بەسەر گەلی کورددا کە گەورەترین کارەساتی دژ بە مرۆڤ لەو سەردەمەدا ئەنجامدرا کە دەکرێت ئەمەیشیان بە هەڵەی ئەوانە ناو ببرێت کە خۆیان بە سەرکردە و خاوەنی کورد دەزانن وە دیسان تێک هەڵچونەوەو بەرپاکرنی شەڕی نێوخۆو براکوژی لە نێوان پدک و ینک دا لە دوای ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕشتنی خوێنی سەدان لاوی کورد ".

ئەمانە هەموو ئەو تاوانانەن کە دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان پدک و ینک لێی بەرپرسیارن و پێویستە وەڵامێکیان هەبێت بۆ هەرخۆ شاردنەوە خۆدزینەوەیان ئەگەر بیانەوێت بێبەریی بوونی خۆیان بسەلمێنن .

بینیمان بەداگیر کردنی عێراق لەلایەن ئەمریکییەکان و هاوپەیمانەکانیانەوە ، سەددامی دڕندەو داروودەستەکەی لە بەهاری ٢٠٠٣ دا کۆتاییان پێهات و دەسەڵاتیان بۆ کۆمەڵو گروپێکی تر  بەجێهێشت . گەلی کوردیش وەک بندەستەیەکی ئەو سەدامە خوێن ڕێژە هەستی بە ژیانەوەی خەون و هیواکانی دەکرد . هەر بۆیە جارێکی تر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرانی کوردیان کردەوە بە دەمڕاست و داواکەری مافەکانیان ، ئەویش بەهۆی نەبوونی بەدیل و جێگرەوەیەکی ئەو دەسەڵاتەی کە لە درووست بوونیانەوە مایەی مەینەتی و دەردەسەریی بوون بۆ نەتەوەی کورد.

ئەوەتا ئەنجامی ئەو هەموو بەرخودانو ماندوو بوونو خۆبەختکردنە دەبینین ،، ئەوا بەبەرچاوی خۆمانەوە بەفیرۆ چوونی خوێنی ئەنفالەکان و هەڵەبجە و شەهیدان دەبینین . ئەویش بە داپۆشینی ئەو تاوانە گەورانە لە بڕیاری لەسێدارەدانەکەیدا ..

ئەوەی مایەی شەرمەزارییە بۆ سەرانی کورد ، بڵاو بوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانەکەی سەدامە لە میدیاکانی جیهاندا، لەسەر خوێنی ١٤٨ کەسی خەڵکی گوندی دوجەیل . وە پشت گوێخستن و شاردنەوە و هەنگاو بەسەردانانی خوێنی ١٨٢٠٠٠ تاکی کوردە کە ئەنفالی بەدناویان بەناوەوە کرا . هەموارکردنی شەهیدانی هەڵەبجەیە کە دەکرێت بە کورد قڕان ناوببرێت .
خاڵێکی تری شەرمەزاریی و شورەیی بۆ سەرانی کورد ، ئەوەیە کە وەزیری دەرەوەی سوێد نیگەرانە کە سەدام لە سەر تاوانێکی بچوکی وەکو کوشتنی ١٤٨ کەسی گوندی دوجەیل بە پەتدا کرا و تاوانە گەورەکانی سەدام وەک ئەنفال و هەڵەبجە پشتگوێ دەختێت * . ئەمە لە کاتێکدا سەرانی کورد کوشتنی سەدام لەم کاتەدا بە دەسکەوت و بەرهەمی خوێنی شەهیدان ناودەبەن .

ئەی باشە ڕەوەندی کوردی لە ئێستا بەدواوە لە دەرەوەی کوردستان چۆن بتوانن باسی ئەنفالو هەڵەبجە بکەن و سەدام تاوانبار بکەن بەم تاوانە لەکاتێکدا سەدام لەسەر کێشەیەکی ئاوها بچوک کرا بە پەتدا و کۆتایی پێهات.
یان دە پرسین .. ئەی لە پێناوی چ بەرژەوەندییەک دایە ئەم گاڵتە بخۆکردن و خۆ گێل کردنە لەئاست ڕاستییەکاندا ؟
لە پێش جێبەجێ کردنی بڕیاری لە سێدارەدانەکەدا ، نوری مالیکی دەڵێت (ئەو کەسانەی بڕیاری لە سێدارەدانی سەدام حسێن ڕەتدکەنەوە، ئەوا سوکایەتی بە حورمەتی شەهیدانی عێراقی دەکەن . هیچ پێداچوونەوە و دواخستنێک لەمەڕ جێبەجێکردنی حوکمەکەی سەدام لە ئارادانیە و ناشکرێت. دەشبێت بڕیارەکە جێبەجێ بکرێت ) ** .

ئەی هەڵوێستی مام جەلال لە کوێیە کاتێک لەو وڵاتەدا کە ئەو سەرۆک کۆمارە ، بێڕێزی پێوە دەکرێت و هیچ گوێی لێناگیرێت بێئەوەی پرسی پێبکرێت بڕیاری ئاوها گەورە دەدرێت ؟ خۆ مام جەلال هیچ لەسێدارەدانێک ئیمزا ناکات !!!
یان مەسعود بارزانی ، کە ئێستا سەرۆکی هەرێمێکە لە قوربانی و شەهیدان . چ هۆکارێکە ئەوەندە بێهێزی دەکات بێدەنگبێت لەکاتێکدا خوێنی ئەو ٨٠٠٠ بارزانییە خۆی و بنەماڵەکەیی لەو لێپرسراویەتییەدا داناوە و ئێستا بەو شێوەیە لەبەر چاوی جیهاندا بزر دەبێت ؟؟

---

* سایتی دەنگی سەربەخۆ . ئاژانسی نوچێن کوردستان ...
**پەیامنێر PNA